کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-6-2007 0:22

## ئەری بەڕاست یەکگرتوو بۆتە خۆفرۆش؟؟ ... سەلام مەلا عەبدوڵلا

چاودێرێکی سیاسی

دیارە لە وولاتی ئێمە هەر حزبێك بەدەر لەیەكێتی وپارتی هەر بەشدار كردنێك یا ئیمزا كردنی بەیاننامەو پرۆتۆكۆلێك ئەنجام بدات، ئیدی گەر بەمیزاج وبەرژەوەندی ولێكدانەوەی دوو حزبەكە نەبوو دەكەوێتە خانەی خۆفرۆشی وخەتەری بەسەر ئەمنی قەومی، بەڵام گەر دوو حزبەكە هەرچیەك بكەن مادام ئەمانن ئەبێ بە نیشتمان پەروەری و بەرژەوەندی گشتی و خزمەتی گەل ونیشتمان لێك بدرێتەوە، ئەمە ڕاستی یەكەو هەموو كەسێكی خاوەن ویژدان دانی پی دا دەنێت، لەمە چەند ڕۆژانەی دوایی لەگەڵ ئاشكرابوونی بەیبانامەیەك كە لەعەممان لە دوای كۆنگرەكەی میسر بەرەیەكی سیاسی ڕاگەیەندرا، سەرەتا لەهەندی دانیشتنەكانی بەرایی یەكگرتووی ئیسلامی بەشداری تی دا كردبوو، ئیدی بی لێكدانەوەو بەداوچوون هەر لەلایەن خودی سەركردەكانمان هێرشێكی ئیعلامی ڕاگەیاندرا، بەداخەوە ڕۆژنامە نووس ونووسەر دیارو بەرچاوەكانی كوردستان ودەرەوە، ئەوانی ئومێدێك بوون بۆ دەستنیشان كردنی خاڵەلاوازەكان و دیاری كردنی ڕووی ڕاستی مەسەلەكان، بەشێكی ئەم هێرشەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان؟، من خۆم نە نووسەرم ونە ئەندامی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، وەلی كاتی ماڵپەری (نیشتمان نێت) م بینی، دوایی خوێندنەوەی زۆرینەی بابەت و لێدوانەكان بۆم ڕوون بویەوە كە هێشتا لە م هەرێمە شێواندنی ڕاستیەكان و نەخوێندنەوەی یەكترو تانەو تەشەر لەیەكدان باوی ماوە، وەگەرنا یەكگرتوو زوو بەهەمووماني وت بۆچوونمان بۆ قاهیرە پرسمان بە سەركردەكان كردوە، لەهەمانكاتدا ئەوان ئەگەرچی لەدانیشتنەكانیان داكۆكیان لە فیدرالیەت و ماددەی 140ی دەستوورو زەرورەتی بەشداری كردنی هاوپەیمانی كوردستان لەم جۆرە دانیشتنانە كردوە، (وەك لەچاوپێكەوتنەكەی (كوردستان نیت)، هاتوە، دواتر مەكتەبی سیاسیان ڕایانگەیاندوە كە ئەمان بەشداریان لەم جۆرە بەریە نەكردوە، لەهەمانكاتدا حزبی ئیسلامی عیراقی وەك بەرپەرچدانەوەی لێدوانەكانی هاوپەیمانی كوردستان ڕایەنگەیاند كە ئەم جۆرە بەریە تەنها قسەو گفتوگۆیە نەك دروست بوون وڕاگەیاندنی بەرەی لەم جۆرە، وەلی بێگوێ دانە ئەم ڕاستیانە شەلم كوێرم هیچ نابوێرم یەكگرتوویان خستۆتە بەرەی شۆفینزمی عەرەبی وخەتەری ئەمنی قەومی، دواتر ئەوەی لەمە سەیرتر ئەوەیە كە خۆیان، (واتە یەكێتی وپارتی) چەندین ڕێكەوتنامەیان دوێنی وئیمڕۆ لەگەڵ چەندین لایەن وهێز بەستوە بی ئەوەی كەس بڵی ئەری ئەم ڕێكەوتنەتان بۆ چ مەبەستێك بوو؟، ئایا ڕێكەوتنامەی هاوپەیمانی كوردستان لەگەڵ بەرەی شیعە چی بۆ كورد فەراهەم هێناوە، ؟ ئایا هەر سەركردەكانمان نەبوون داكۆكیان لە عیراقچیەتی دەكرد؟ ئایا دوێنی هەر سەركردەكانمان نەبوون سەرووەت وسامانی ئەم میللەتەیان بۆخۆیان حزبەكەیان فەرهوود دەكرد؟ ئایا ئەوان نەبوون بۆ پاراستنی كورسیان هێزی ئیرانی ودەبابەی توركیان دەهێنا؟ ئایا هەر ئەمانین میللەتیان هەژارو كەمدەرامت، خۆشیان هایلاف و لەوپەڕی ڕەفاهیەت ودەولەمەندی؟ لی ترسی من لەوەیە ئیمڕۆ یەكگرتوویان بوخۆفرۆش لەقەڵەم دا، بەیان گەر ڕككەوتنامەیان لەگەڵ بوو دێتەوە ڕیزی نیشتمان پەروەران،

Falak_sime@maktoob. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.